### بەرێوبەری گشتی ئەنفال :

# خەملاندنی ئەنفالکراوەکان بە (١٨٢) هەزار ژمارەیەکی سیاسییە

دیداری بارام سوبحی

**ئەنفال پرۆسەیەك بوو لە ڕابردوودا، بەڵام برینێکە لە ئێستادا هەر بۆیە سارێژکردنی ئەو برینە پێویستی بە پزیشکێکی شارەزا و دڵسۆز هەیە. بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەنفال کە سەر بەوەزارەتی ئاوارە و ئەنفالە لە سلێمانی یەکێکە لەو دەزگایانەی کە لەم سۆنگەیەوە دامەزراوە، ئێمە بە پێویستمان زانی بە چەند پرسیارێکی شەفاف و کراوەوە ئەم دەزگایە بەسەر بکەینەوە و چەند پرسیارێك لە بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکە (کاك مەنسورحەمەکەریم) بکەین.**



وێنەی ئێسك و پروسکی ئەنفالەکان لە گۆڕێکی بکۆمەڵدا لە کەربەلا ئەرشیفی بەرێوبەرێتی ئەنفال

**ڤین: بە پێی ئەو ئامارەی کە ئەنجامتاندا، ژمارەی قوربانیانی ئەنفال چەندە؟**

کاك مەنسور: بەڕێوەبەرایەتی ئێمە سەر بە دەزگای شەهیدان بوو، پاش دروستبوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ خراینە سەر وەزارەت وە یەکەم کاریشمان ئەنجامدانی ئەو ئامارەبوو بە هاوکاری خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و فۆڕمی ئامارەکەش لەلایەن (م.نزار) ئامادەکرابوو، (9350) بنەماڵەی ئەنفال ئەو فۆڕمەیان پڕکردەوە کە ژمارەی ئەنفالکراوەکانیان لە (4 - 1) دەبێت. ئەو ئامارە تەنها سنوری ئیدارەی سلێمانی گرتەوە، کە ژمارەیەکی زۆری قوربانیانی ئەنفالی تێدایە، وە گرفتی ئێمەش ئەوەبوو هەندێك ئەنفالکراو هیچ کەسوکارێکیان نەماوە تا ئەو فۆڕمە پڕبکەنەوە.

**ڤین: ئەڵێن بە پێی ئەو ئامارەی ئێوە، ژمارەی ئەنفالکراوەکان (32) هەزارە؟**

کاك مەنسور: من ناتوانم بە دەقیقی ئەو ژمارەیە ئاشکرابکەم و ئامارەکەمان داوە بە دادگای باڵای تاوانەکان و هەندێك نهێنی قانونی تێدایە، دوایی دەبێت دادگا ئاشکرای بکات، بەڵام بەپێی ئەو ئامارە ژمارەی ئەنفالکراوەکان لە نێوان (50 - 60)هەزارە. ئێمە ئەو ئامارەمان داوە بە (UN)و لایەنە مەعنەوییەکان، بەپێویستی نازانین بیدەینە ئیعلام، وە هەر ڕێکخراوێك ئەگەر مەبەستی بێت خزمەت بکات، ئەوا ئێمە ئامارەکەی دەدەینێ. لە بەرنامەی (وەزارەتی شەهید و قوربانیانی ئەنفال)ی حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا، پرۆژەیەکی فراوانمان ئامادەکردووە بۆ ئامارێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا، ناوچەی هەولێریش کە بەر قۆناغەکانی (5و6و7)ی ئەنفال کەوت بەهۆی زانیاری لەوەوبەریان ناوچەکەیان چۆڵکردبوو، بۆیە ژمارەی قوربانیانی ئەوێ کەمترە، بەڵام لە سنوری ناوچەی بادینانیدا نزیکەی (25) هەزار ئەنفالکراو هەیە.

**ڤین: وزارەتەکەی ئێوە لەسەر چ بنەمایەك دەڵێت ژمارەی قوربانیانی ئەنفال (182)هەزارە؟**

کاك مەنسور: (عەلی حەسەن مەجید) لە یەکێك لە مفاوەزاتەکانی ساڵی (90) دەڵێت ژمارەی ئەنفالکراوەکان (100) هەزارە، (نزار خەزرەجی) کە هاتە دەرەوە ئیعترافی کردوو وتی"(250) هەزارە" ناتوانم تەئکید لەو ڕەقەمە بکەمەوە، بەڵام ئەو ڕەقەمە ڕەقەمێکی سیاسییە، بەڵام حەتمەن لە (80) یاخود (100) هەزار کەمتر نییە، بەپێی ئەو ئامارەی ئێمە ژمارەی قوربانییەکان نەگەیشتۆتە ئەو ژمارەیە.

**ڤین: ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و قوربانیانی چەندە بە خەملاندنی ئێوە؟**

کاك مەنسور: لە (2003/4/13) دوای




پسپۆڕێك : هەڵدانەوەی گۆرە بە كۆمەڵەكانی عێراق (20) ساڵی تری دەوێت

ئەرشیفی بەڕێوبەرێتی ئەنفال

و داوامــان لــە خــەڵكان و شــارەزایان كــرد یارمەتیمان بدەن، بەلاّم لەوە هیچمان دەست نەكەوت. یەكەم جاریش گۆڕێكی بەكۆمـەڵ دۆزرایــەوە لــە (شــنافیە) وتیــان "گــۆڕی ئــەنفالكراوەكانی كــوردە" ئێمـــەش دوو لیژنەمان دروستكرد (باكور بە سەرپەرشتی عارف قوربانی) (باشور بە ئەندامێتی من و كـاك (لـەتیف فـاتیح فـەرەج)ی نووسـەر و ئاریانی یاساناس) چوینە عەمارە و ناسریە و سەماوە و بەسرە و بە هاوكاری شیعەكان كە بـە دوای قوربانییـەكانی خۆیانـدا دەگـەڕان چەند گۆڕێكمـان دۆزییـەوە، مـن چوومە لای (CPA) و ئــەوان وتیــان "ئەولــەویاتی یەكـــەمی ئێمـــە ئـــەمن و ئاســـایش و ئاوەدانكردنەوەیـــە پاشـــان گـــۆڕە بـــە كۆمەڵـەكان" تـا ئێستا لـە عێراقـدا (265) گۆڕی بەكۆمـەڵ هەیـە، (42)یـان هـی كوردە بــە ڕەسمــی و توانیومانــە ســەردانی (21) گۆڕیــان بكــەین، گرفتــی ئــەمنی و شــەڕی تیرۆرستی لەو ناوچانە ئێمەی پەك خست لە گــەڕان بــە دوای گۆڕەكانــدا، وە نــاتوانین ژمـارەی قوربانیـانی نـاو گۆڕەكـە دەستنیشان بكـەین، گـەورەترین گـۆڕ (شـنافیە)یـە كـە بـەپێی وتـەی خـەڵكی ناوچـەكە لـە مـانگی ڕەمەزاندا بۆماوەی بیست ڕۆژ دەنگی تەقە و ئیشكردنی شۆفڵ لە ناوچـەكەدا هـەبووە، بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەكانیش لەلایـەن پەرلـەمانی عێراقـەوە سـەنتەرێك دروسـتكراوە بـەناوی (مركـز وطنـی للمفقـودین و المغیـبین في العــراق) كــاری یەكــەمیان هەڵدانـــەوەی گۆڕەكانــە و بــۆ ئــەوەش هــیچ ســەقفێكی زەمـەنی نییـە، بـەپێی وتـەی ئـەو پسپۆڕ و پڕۆفیسـۆرانەی مـن بینـومن هەڵدانـــەوەی هەیە ئەو سەنتەرەش (100) كەسی ناردووە بــۆ دەرەوە بــۆ شــارەزایی پەیــداكردن لــە هەڵدانــــەوەی گۆڕەكانــــدا و نزیكــەی (30) كەسیش لەوانە بەر كورد كەوتووە.

بــۆ دروســتكردنی (مۆنۆمێنــت)ــێك بــۆ قوربانیــانی ئــەنفال ئێمــە بــانی مــەقانمان دیــاریكردووە، بـــەلاّم ئیـــدارەی هـــەولێر ئــەڵێن"ئــەبێت لــە (كەســنەزان)بێــت و دەخـــوازین حكومـــەتی یـــەكگرتوو ئـــەوە چارەسەر بكات" لـە بـواری ئەنفالـدا هـەردوو وەزارەتی مافی مـرۆڤ لـە سلێمانی و هـەولێر وەكــو یــەك كاریــانكردووە. هەڵدانــەوەی گۆڕەكــان كــارێكی زەحمەتــە، چــونكە بــۆ نموونە لە هەڵدانـەوەی گۆڕەكـانی (حـەزەر و ســـەماوەدا) ئەمریكییـــەكان ژمارەیـــەك پســپۆڕیان هێنــابوو ســەعاتی بــە (300)$ كاریانــدەكرد، بۆیــە بەڕاســتی هەڵدانــەوەی گۆڕەكـان كـارێكی زەحمەتـە و پێویسـتی بـە بودجەیــــەكی زۆرە، لەگـــــەڵ ئەوەشـــــدا داوامـــــانكردووە تاقیگەیـــــەكی (DNA) بهێنرێـت بـۆ ناسـینەوەی تەرمـەكان، چـونكە تا ئێستا لە كوردستاندا نییە.

**لڤین: بــۆ تـائێسـتا سـەنتەرێكی لێكۆڵینـەوە، یاخود كۆنفراسێكی زانستی لەسەر ئەنفال نەبەستراوە؟**

كاك مەنسور: چەند كۆنفراسێك تا ئێستا لـە هـــەولێر و ســـلێمانی كـــراوە، بـــەلاّم ڕاسپاردەكانیان نەخراوەتە بەرنامەی كارەوە، ئێســـتا پرۆژەیـــەكمان ئامـــادەكردووە و پێشكەشی ســەرۆكی هــەرێممان كــردووە و دەیخەینــە بــەردەم پەرلــەمان، بــۆ بەســتنی كۆنفراسـێكی فراوانـی زانسـتی سەرتاسـەری بەبەشــداری چــەندین پســپۆڕی بیــانی و نـاوخۆیی بـۆ لێكۆڵینـەوە لەسـەر ئـەنفال. بۆسـەنتەرێكی توێژینـەوە لە جینۆسایدی كورد پرۆژەیـەكمان خســتۆتە بــەردەم ئەنجومـــەنی وەزیران (سلێمانی)،بـەلاّم تـا ئێستا وەلاّمیان نـەبووە.

**لڤـین: ژمــارەی ئــەو خێزانانــەی مووچەی ئەنفال وەردەگرن، چەندە؟**

كـاك مەنسـور: وارسـی قوربانیـانی ئــەنفال كــە (7100) خێــزانن، كیمیاباران كە (1263) خێزانن فەیلییەكان كە (434) خێزانن و لە بەغدا ئەیاندەنێ. وە ژمارەیەك لەو خێزانی ئەنفالكراوانــە لــە ناوچــەكانی ســنوری پارێزگـای كەركوكـدان، هەرچـەندە لـەڕووی ئیدارییەوە سەر بە ئێمە نین، بەلاّم ئێمە لـە پــێش ڕووخــانی ڕژێمــەوە ئەیانــدەینێ تــا ئێستا.

**لڤین: پێتان وایە توانیوتانـە وەكـو پێویست لـە ئاسـتی گـەورەیی تاوانەكـەدا، خزمـەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكەن؟**

كاك مەنسور: ئێمـە ژمارەیـەكی زۆر زەویمـان دابەشــكردووە، هەوڵــدەدەین لــە بودجــەی (2007)دا بیخەنە كارەوە بۆئەوەی بیكـەین خـانوو، وە ژمارەیــەك لــەم خانوانــەی لــە هەڵەبجـە و چەمچـەماڵ دابەشـكراون دراون بــە كەســوكاری ئــەنفال. ئێمــە گــەورەترین گرفتمـان ئەوەیـە ژمارەیـەكی زۆر لەناوچـە ئەنفالنشینەكان سەر بە ئیدارەی ئێمە نین و ئێمـە پرۆژەیـەكمان هەیـە بـۆ پەرلـەمان بـۆ ئاوەدانكردنـــەوەی ئـــەو ناوچـــانەی كـــە چـــۆڵكراون، چ بـــە كڕینـــەوەی بەرهـــەمی جوتیاران، یاخود دروستكردنی بەنـداوی ئـاو چــەندین پــرۆژەی تــر، چــونكە بەڕاســتی دەبێت كەسوكاری ئەنفالەكان لە ناوچەكانی خۆیانــدا خزمــەت بكرێــت. بڕیــاری (986) گـەورەترین زیـانی لـە ئێمـەدا چـونكە بـووە هـــۆی چـــۆڵبوونی گونـــدەكان، وە (UN) بەرهەمی جوتیارانی نەكڕیەوە بۆیـە دەبێت بۆ بوژانەوەی دێیەكان حكومەتی هەرێم ئەو پرۆژەیە جێبـەجێ دەكات. هـەروەها گرفتـی دیكەمان ئەوەیـە نزیكـەی (1500) بنەماڵـە بـــەهۆی باشـــی موچـــەكەیەوە، نـــاوی ئەنفالەكانیان بـە شـەهید تۆمـەتبار كـردووە لە دەزگای شەهیدان.